# وەرگێڕانی ئەدەبی لەنێوان زمان و دەسەڵاتی وەرگێڕدا

# (لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ تاکو ئێستا)

**پ. د. پەخشان سابیر حەمەد**

بەشی زمانی کوردی -فاکەلتی ئاداب -زانکۆی سۆران -هەرێما کوردستان/ عێراق

**پوختە:**

وەرگێڕان پرۆسەیەکی شارستانییە، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی مەعریفە و گەشەپێدانی زانیاری نێو زمانە هەمەجۆرەکان و فراوانکردنی فەرهەنگی زمانیی نەك وەرگێڕ بەڵکو وەرگر (خوێنەر)یش دەگرێتەوەو چێژی زیاتر لە دەقە وەرگێڕدراوەکە وەردەگرێت، کە لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بزوتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستاندا پەرەی سەند و جگە لەوەی لە ڕووپەڕی بەشێکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بایەخی پێدراوە، گۆڤاری تایبەتیش بەو بوارە سەریهەڵداوە و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دیاریکردنی پێگەی وەرگێڕان هەبووە، لەو ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکەمان بۆ((وەرگێڕانیئەدەبی لەنێوانزمان و دەسەڵاتی وەرگێڕدا -لە ڕاپەڕینی ١٩٩١تاکو ئێستا ))تەرخانکردوە و تێیدا تاوتوێی چەندین بابەتی پەیوەست بە وەرگێڕانی ئەدەبی لەو ماوە زەمەنییەدا کراوە وەك: یەکەمیان تاوتوێی (پێگەی زمان و پەیوەستبوونی بە وەرگێڕان و جیاوازییە زمانییەکان )دەکات، کە تەنانەت جیاوازییەکی زۆر لە نێوان زمانی نوسەر و وەرگێڕدا هەیە، چونکە زمانی نوسەر سەر بە فەرهەنگی تایبەتی خۆیەتی و سەربەستە لە بەکارهێنانی ووشە و زاراوەی نێو کۆگا مەعریفییەکەیدا، بەڵام وەرگێڕ پەیوەستە بە کۆت و بەندی دەقەکە و سەربەستییەکەی زۆر سنووردارە. دووەمیان باس لە (دەسەڵاتی وەرگێڕ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا) دەکات لە پاڵ هێنانەوەی نمونەی زیندووی وەرگێڕانی ئەدەبی و بەراوردکردنییان لەگەڵ دەقە بنچینەییەکە کە زیاتری لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراون ئەمە لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامی ئەم پرسە گرنگەش دەداتەوە کە کورد لە دوای ڕاپەڕینەوە تا چەند بایەخی بە گواستنەوەی دەق لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر داوە، یا وەرگێڕان لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا، ئەم مەسەلەیە تا چەند گرنگی هەیە و تا چەند خزمەتی زمانەکە دەکات، ئەمە و لە کۆتاییدا ئەنجام و پەراوێز و سەرچاوەکان دەستنیشانکراون.

***پەیڤێن سەرەکی:*** *وەرگێڕان، دەق، ڕەخنە، دەسەڵاتی زمان، ڕۆشنبیری، بەهای ئەدەبی*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١ -پێشەکی:

وەرگێڕان تاکە ڕێگەیە کە بە ئەوی دیکەمان دەناسێنێ و نەک تەنیا تایبەتمەندییەکانی ئەوی دی ئاشکرا دەکات و ئاشنایەتیمان لەگەڵ درووست دەکات، بەڵکو خۆشمان بە خۆمان دەناسێنێ و هۆشیارمان دەکاتەوە، کە تاوەکو ئێستاش هەر بە تاقانەیی ماوەتەوەو جێگرەوەی نییە، وەرگێڕان بۆتە هونەرێک کە لەسەر زانست بنیادنراوە، ئەم زانستەش زمانەوانییە و بە هۆیەوە بۆتە خاوەن یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی و بە پێی پێشکەوتن هەنگاوی زیاتری ناوەو لقی زیاتری لێبۆتەوە.

هەریەك لە فیدرۆف و فینی و مونان و کاتفۆرد لە پێشەنگەکانن کە بەرگرییان لە تیۆری زمانیی لە وەرگێڕاندا کردووە، بەوەی دەق لە ووشە پێکدێت و ئەو ووشانەش تاکە ماددەی بابەتین کە لەبەر دەستی وەرگێڕدایە و کاری وەرگێڕان لەسەر ئەم ووشانە دەکات و سەرنجی لەسەر زمان دەبێت، هەر بۆیە سامانی ووشەکانی وەرگێڕ دەبنە ئەو گەنجینەیەی لەبەر دەستیدایەو بە هۆیەوە سەلیقەی وەرگێڕانەکەی دیاریدەکرێت، بەمەش وەرگێڕ بەرپرسی یەکەمی وەرگێڕان و جۆری وەرگێڕانەکەیە و وەرگریش هەڵسەنگێنەری وەرگێڕانەکەیە لە پاڵ ڕەخنەگردا، بەوەی تا چەند هەست دەکات ئەدەبی نەتەوەکەی خۆیەتی، نەك وەرگێڕان بێت، وەك چۆن کاتێ وەرگێڕانی (داغستانی من) ی (ڕەسول هەمزاتۆف)(١٩٢٣ -٢٠٠٣)کە لە لایەن (عەزیز گەردی ) و بەم دواییانەش لە لایەن (حەسەن دانشفەر)وەرگێڕدراوە دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت لە بنەڕەتدا تێکستەکەی بە کوردی بوبێت، نەك بە داغستانی نوسرابێت.

١ -١ هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ :

أ/ پێویستی بوونی ئەم جۆرە بابەتە کە دوو جەمسەری کاریگەری دەبێت یەکیان لە خزمەتی زمان و ئەوی دیکەیان لە خزمەتی ئەدەبدا دەبێت.

ب/نیشاندانی ڕێڕەوی وەرگێڕان و بایەخدان بەم بوارە لە ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستا.

ت/ ئاماژەپێکردنی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە پێش ڕاپەڕیندا، بە مەبەستی پێوانە و بەراووردکردن و گەیشتن بە پلە و ئاستی پێشکەوتنی ڕەوتی وەرگێڕان و ڕۆڵی چاپەمەنیەکان لە بەرەو پێشبردنی وەرگێڕان و فراوانبوونی بازنەی زمانە نەتەوەییەکە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە.

١ -٢ گرنگی لێکۆڵینەوەکە

أ/ بزووتنەوەی وەرگێڕان تێڕوانینەکان دەگۆڕێت، هەم بەرامبەر خودی زمان و ئەدەبە ڕەسەن و هەم زمان و ئەدەبی بەرامبەرەکەیدا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ب/ ڕۆلی ڕۆژنامەگەری لە دەستکەوتەکانی وەرگێڕاندا بە گشتی و وەرگێڕانی ئەدەبی بە تایبەتی دەخاتەڕوو.

ت/ دیاریکرنی ئەو بابەت و ڕەگەزە ئەدەبییانەی کە زیاتر لە چوارچێوەی وەرگێڕاندا بونەتە تەوەرێکی سەرەکی.

### ١ -٣ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە خوێندنەوەیەکی شیکاری -ڕەخنەیی بۆ ڕێڕەوی وەرگێڕان بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ تاکو ئێستاکردووە.

### ١ -٤ گرفتی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵی ئەوە دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە جەوهەرییە بداتەوە کە تاچەند ڕێڕەوی وەرگێڕان لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ تاوەکو ئێستا هەنگاوی ناوە و کاری لەسەر ئەم بابەتە هەم وەك هونەر و هەم وەك زانست کردووە.

### ١ -٥ سنوری لێکۆڵینەوەکە

زۆربەی ئەم بەرهەمانەی لە بارەی وەرگێڕان لە ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستا چاپکراون، چ وەك بەرهەمی سەربەخۆ وەك گۆڤاری تایبەت بەم بوارە، چ وەك کتێبی وەرگێردراو، یا تەرخانکرنی ستون و لاپەڕەی دیاریکراو لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ئاماژەیان پێدراوە، لەپاڵ ئاماژەدان بە نمونە لە دەرەوەی سنوری لێکۆڵینەوەکە، وەك هێنانەوەی نمونە بۆ وەرگێڕان لە نێو یەك زماندا، چونکە لە دوای ڕاپەڕین ئەم دیاردەیە دەگمەن بووە، یا هەر نەماوە.

### ١ -٦ پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پوختە و پێشەکی، لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تاوتوێی (پێگەی زمان و پەیوەستبوونی بە وەرگێڕان و جیاوازییە زمانییەکان)دەکات، تەوەری دووەم کار لەسەر(دەسەلاتی وەرگێڕ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا)دەکات و هەر لەم تەوەرەشدا کار لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی و ڕۆلی لە وەرگێڕاندا کراوە، دواتر ئەنجام و سەرچاوە و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو، سەرباری پاشکۆیەك بۆ خستنەڕووی بەرگی هەندێ گۆڤاری تایبەت بە وەرگێڕان لە کوردی و عەرەبیدا.

## ٢ -تەوەری یەكەم

### ٢ -١/ پێگەی زمان و پەیوەستبوونی بە وەرگێڕان و جیاوازییە زمانییەكان

هەر زمانێک پێگەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، چ لە نێو نەتەوەکەی خۆیدا کە خاوەنداریێتی زمانەکە دەکەن، چ لە نێو نەتەوەکانی تری جیاواز لە زمان و ڕۆشنبیریدا .لە ئاکامی پرۆسەی وەرگێڕاندا بوونی فرەواتایی ئاستەنگ لە بەردەم وەرگێڕانەکەدا دروست دەکات، بە تایبەتی کاتێ وەرگێڕ ئەو واتایانەی لە زمانی سەرچاوەدا هەیە ئاگاداری هەموویان نەبێت و بە پێی زانینی خۆی واتایەك هەڵبژێرێت و لە زمانی ئامانجدا بەکاریبهێنێ، بۆ نموونە : girl friend، boy friend کە نەك تەنیا لە کلتوری کوردی، بەڵکو لە کلتوری زۆربەی وولاّتانی ڕۆژهەلاّتدا بەدی ناکرێت، کە تایبەتە بە ڕۆژئاوا لە کاتی وەرگێڕاندا چ واتایەك لە بەرامبەریدا بەکاردەهێنرێت، ئەم جیاوازییانە پەیوەستن بە کێشەی (نەتوانینی وەرگێڕان یا نەشیاو بۆ وەرگێڕان untranslatability لەو حاڵەتەدا ووشە و زاراوە و دەستەواژەکان وەکو خۆیان دەنووسرێن، بە گۆڕینی دەنگەکان وەکو خۆیان لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج وەك ئەو کۆمەڵە ووشەیەی پەیوەندی بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە، بە گۆڕینی (بۆر و سەر و ژێر) بۆ پیت، نموونەی:

- حج -حەج
- زكاە -زەکات
- ژكر -زیکر

یا ئەو ووشانەی پەیوەندییان بە لایەنی پزیشکی هەیە، لەسەرووی هەمویانەوە:

- کۆرۆنا corona
- ڤاکسین vaccine
- ئیدز /ئایدز Aids
- سارس Sars
- زەهایمەرZheimer
- پارکنسۆن Parkinson
- فۆبیا /ترسێکی ناسروشتی لە شتێک یا شوێنێک Phobia

کە تەنانەت نەخوێندەوارەکانیش ئاشنان بەم جۆرە ووشانەوە، بە هۆی فراوانی ڕووبەری بلاّوبوونەوەیان یا دووچاربوونییان لە نزیکەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یا:

مینی جۆب /کراسی کورت/ کە لە حەفتاکاندا بەکاردەهات و لە ئێستادا بەکارنایەت.Minijupe

یا هەندێ ووشەی وەك:

- کۆنفرانس conference
- ووّرك شۆپ workshop

هەر بۆیە لە ئێستادا وەرگێڕان سەرباری ئەوەی کە لقێکی سەربەخۆیە، لقێکیشە لە زمانەوانی و فێربوونی زمان لە هەمان کاتدا.ئەو وەرگێڕەی کە زمانێک یا دوو زمان بە چاکی نازانێ، ڕێکەوتی ئەو ئەنجامانە دەکات: (تعلیمە الترجمە من منظور التعدد اللغوی /www.inst.at)

١ -هەڵەی زمانیی گەورە ئەنجام دەدات.

٢ -ئامادەنەبوونی شێوازی تایبەتی وەرگێڕەکە.

٣ -پشت بەستن بە وەرگێڕانی ووشە بە ووشە (حەرفی).

٤ -بەکارهێنانی فەرهەنگ کە ئاستەنگ لەبەردەم داهێنانی وەرگێڕاندا (بە تایبەتیش وەرگێڕانی ئەدەبی) درووست دەکات.

لەبەر ئەوەی (وەرگێڕان پرۆسەیەکی ساکاری گواستنەوەی بیر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی داهێنانییە و وەرگێڕانی بیرکردنەوەیەکی زمانییە، بە پاشخانێکی شارستانی دیاریکراو بۆ بیرکردنەوەیەکی زمانیی جیاواز)(حدید:٢٠١٣: ٥)، لە کاتێکدا هەر وەرگێڕانێک یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، بە هۆی پێکهاتەی کەرەستە تایبەتەکەی، بۆ نمونە :وەرگێڕانی شانۆگەری جیاوازە لە وەرگێڕانی چیرۆك یا ڕۆمان یا ژانرێکی تری ئەدەبی .هەروەها وەرگێڕان بە پێی ئەدەبیاتی سەردەمیش دەگۆڕێت، وەرگێڕانی بەرهەمێکی کلاسیکی زۆر جیاوازە لە وەرگێڕانی بەرهەمێکی ئەدەبی ڕۆمانسی یا ڕێبازەکانی تر، بە واتایەکی تر بابەت هەیە هەستیارترە لە بابەتی تر، کاتێک وەرگێڕ مامەڵە لەگەڵ شیعرێکی بیانی دەکات بە مەبەستی وەرگێڕانی، هەستیارییەکە دەگاتە لوتکە، بە هۆی شیعرییەت و کەرەستە تایبەتییەکانی شیعرەکە لە ڕەمز و ئیحا و لایەنەکانی ڕەوانبێژی و ئیقاع و تەکنیکە بەکارهێنراوەکان، (وەك ئەوەی هەزار بۆ خەیامی کردووە، بە پێشکەوتن بە خۆی فەزڵێکە بەڵام ئەوەی خەیامی نە گۆران گەیاندویەتییە خەیامی، نەشێخ نوری شێخ ساڵح گەیاندوویەتییە خەیامی، نە عەونی، نە خسرۆ جاف، نە شێخ سەلام، ئەمانە هیچیان

نەیانگەیاندووەتە هەژاری، چونکە نەیانتوانیوە ئەو ڕووحە دەرکەن، بە تایبەتی هەتا نەیانتوانیوە لە وەزنەکەیشدا وەدوا خەیامی کەون، کردویانەتە وەزنی شیعرە کوردییەکە، لە حاڵدا ئەو هەمان وەزنی کە مەشهورە (لا حول ولا قوە الا بالله)لەسەر ئەو وەزنە کردویەتی)(بەکر:٢٠١٩: ٣٣ ).بۆیە گرنگە کاتێ وەرگێڕێک بتوانێ شیعرێک لەسەر هەمان کێشی دەقە ڕەسەنەکە، سەرباری گۆڕینی زمانەکەی وەربگێڕێت و بەسەر جیاوازییە زمانییەکاندا زاڵ بێت.

حافظ ابراهیم( 1932 -1872) لە کاتی وەسفکردنی بەرهەمی وەرگێڕدراودا دەڵێ: دەقە ڕەسەن و وەرگێڕدراوەکە وەکو شۆخ و شەنگێک و خەیاڵەکەیەتی لە ئاوێنەدا )(الخوری: ١٩٨٨: ٩٧ )یا دەڵێ: (ناتوانرێ شیعر وەربگێڕدرێ یا نابێ بگوازرێتەوە، ئەگەر ئەمە ئەنجامدرا ڕێکخستنەکەی تێکدەچێت، کێشەکەی هەڵدەوەشێتەوە، جوانییەکانی نامێنێت و سەرسوڕمانی تێدا بەدیناکرێت)(سەرچاوەی پێشو)

لە پرۆسەی وەرگێڕاندا دەبێ ڕەچاوی زەمەنی کارەکان بکرێت، چونکە هەر گۆڕانکارییەك لە کات و زەمەنی کردارەکەدا دەبێتە مایەی نەگەیشتنی واتا و کرۆکی بابەتەکە بۆ وەرگر لە زمانی ئامانجدا، بۆ نموونە:

-لا أنام – نانووم –لە ئێستادا

-لم أنم – نەنووستم –لە ڕابردوودا

-لن أنم – نانووم –لە داهاتوودا

سێ زەمەنی جیاواز کە بە هۆی ئامرازە تایبەتەکانی زمانی عەرەبی بۆ دەلالەت لە دیاریکردنی کات بەکاردەهێنرێت، لە کاتی گواستنەوەیان بۆ سەر زمانی کوردی دەبێ وەرگێڕ ئاگاداری کاتەکان بێت .ئەمە و لە کاتێکدا لە هەموو زمانەکاندا لە پاڵ کار کە بوونی پێویستییەکی هەمیشەیی زمانە، ناو و ڕاناو وەك دەلالەت لە بوونی زیندەوەرەکانی نێو گەردوون هەن، ئەمانەش شیاوی وەسفکردنن بۆیە ئاوەڵناو ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت .

هەروەها دەق وەکو هێمایەك و پێکهاتە زمانییەکەی چەسپاوە و وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام وەرگێڕان دەبێتە لێگرتنەوەی دەقە ڕەسەن و چەسپاوەکە، هەر لەبەر ئەوەشە لە نێو تەرازووی ڕەخنەدا جیاوازە و مامەڵەیەکی تری لەگەڵدا دەکرێت. ئەمە و (ڕۆمان یاکوبسون) لە ووتارەکەی (لەبارەی سیما زمانیەکانی وەرگێڕان)، سێ جۆری لە وەرگێڕان دیاریکردووە(یاکوبسون: ١٩٥٩: ٢٣٢ -٢٣٩).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١ -وەرگێڕان لە نێو یەك زماندا، یا دارشتنەوەی ووشەكان (ڕاڤەكردنی نیشانە گۆكراوەكان بە نێوەندگیری هێمای تر لە هەمان زماندا ) < هەروەك لە نێوان شێوەزارە كوردییەكان بەدیدەكرێت>.

٢ -وەرگێڕان لە نێوان دوو زمانی جیاوازدا (ڕاڤەكردنی نیشانە گۆكراوەكان بە بەكارهێنانی نیشانەی زمانێكی تر).

٣ -وەرگێڕانی سیمیایی دوو دەق یا گۆڕین (ڕاڤە كردنی نیشانە گۆكراوەكان بە نێوەندگیری سستمێكی نیشانەیی ناگۆكراو وەك گۆڕینی بۆ مۆسیقا یا سەما یا تابلۆ).

لە ئاكامی ئەمەدا دەشێ بپرسین ئایا هیچ داهێنانێک لە وەرگێڕاندا بەدیدەكرێت، لە كاتێكدا (داهێنان درووستكردنی شتێكی نوێیە لە ڕەگەزەكانی پێشووتر، بەمشێوەیە دوو خەسڵەتی بنەڕەتی لە چەمكی دا هێناندا بەدیدەكرێت كە بریتین لە: یەكەمییان: تێپەڕبوونی واقیع و دووەمییان /خەیاڵكردن لە نوێیەكە، بەڵام وەرگێڕان گواستنەوەی واتای دەقێكە لە زمانێک بۆ زمانێكی تر كە پێویست بە دووبارە نووسینەوەی دەقەكە دەكات لەو زمانەی بۆی دەگوازرێتەوە ) (القاسمی : ١٩١:٢٠٠٩).

واتە لە وەرگێڕاندا واتاكانی زمانە ڕەسەنەكە دەگۆڕدرێت بە واتاكانی زمانی ئامانج، نەك گواستنەوەی واتاكانی زمانی ئامانج بۆ زمانە ڕەسەنەكە، بۆیە لە گواستنەوەدا واتاكانی زمانە ڕەسەنەكە دەچێتە نێو دەقی زمانی ئامانج، دەبێ جیاوازی لە نێوان ئەم دوو پرۆسەیە لە هەر تیۆرێک لە بارەی وەرگێڕانەوە بكرێت.(دیریدا: ١٩٨٥ : ٣٧) .بە تایبەتی كە لە وەرگێڕاندا سەلیقەی شاعیر یا نووسەرەكە وەردەگێردرێت، سەلیقە بە واتای شێوازی تایبەتی شاعیرەكە یا نووسەرەكە كە وەرگر یا خوێنەرەكە دەیناسێتەوە، هەروەها (ئەم نووسینە نوێیە پێویستی بە شێوازێكی جیاواز لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر هەیە، بۆیە وەرگێڕ دەقێكی نوێ لە ڕەگەزە زمانییە پێشینەكان دادەهێنێ، بەمە داهێنان لە وەرگێڕانیش بەدیدەكرێت) (القاسمی: ٢٠٠٩: ١٩١ )، هەر خۆی وەرگێڕان پرۆسەیەكی داهێنانییە و بایەخی وەرگێڕان ئەو كاتە دەردەكەوێت، كاتێ وەرگێڕ لەبەردەم جیاوازییە ڕۆشنبیری و كلتوری و ئەوانی دیكەدا دەوەستێت و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە .ئەگەر وەرگێڕان هونەر بێت، ئەوا لایەنی هونەری هەر كارێكی وەرگێڕدراو دەكرێ لە چوارچێوەی پەیوەندییەكی سێ ڕەهەندی بدۆزرێتەوە: ( جستیس: ٢٠٠٤ :٥ - - -٧)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

١ -**بابەتی کتێبە وەرگێڕدراوەکە.**

٢ -**هونەرێتی وەرگێڕان.**

٣ -**خودێتی وەرگێڕدراوەکە** -چونکە لە وەرگێڕاندا پلەی هۆشیاری وەرگێڕ بە دۆزەکانی وەرگێڕان دەردەکەوێت، وەك: یاسا و بنچینە و گرفتە هەنووکەییەکان. لەبەرئەوەی وەرگێڕانی ئەدەبی (تەنیا چالاکییەکی زمانیی نییە، تێیدا وەرگێڕ و زمانەوانەکان هەوڵی خۆیان بدەن، بەڵکو کارێکی ئەدەبییە و شوێنێکی تایبەت لە نێو ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان دەگرێت و کارێکە لە داهێنانی ئەدەبی نووسەر و شاعیرەکان نزیک دەبێتەوە)(الجوهری: ٩١ - ٩٢). لەگەڵ پێشکەوتن و زۆربوونی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن وەرگێڕانیش جۆر و لقی تری لێبۆتەوە و لە پانایییەکی فراوانتر ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری ئەنجامدا و وەرگێڕانی ئەدەبی تەکانێکی دا، بە تایبەتی کە وەرگێڕانی ئەدەبی پەیوەستە بە هۆکاری دووانەی جوانی و چێژ، ئەم دووانەیەش بە پێی سەردەم و قۆناغ و کات و شوێن گۆڕانییان بەسەردا هاتووە و جیاواز دەرکەوتوون، هەر ئەم جیاوازییانە و جیاوازییە زمانییەکانن وادەکەن بزووتنەوەی وەرگێڕان نەك تەنیا هەبێت و چالاك بێت، بەڵکو بەردەوام لە هەنگاونان و بەرەوپێشچوون دابێت و مرۆڤ زیاتر دەستی پێوە بگرێت و نەتوانێت بە هیچ شێوەیەك دەستبەرداری بێت.هەر دەقێک لە لە نێو ژینگەیەکی ترەوە دێتە نێو ژینگەی کوردی دەقێکی نامۆیە و بە نامۆیی دەمێنێتەوە، بەڵام ڕێژەی نامۆییەکە لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دەقە نامۆیانە ئەرکی ئەو نەتەوەیە کە دەقەکەی گواستۆتەوە نێو زمانەکەی خۆی و وەکو میوانێکی هەمیشەیی یا هەندێ جار وەکو بەشێکی بنەڕەتی لە ئەدەبی ئەو نەتەوەیە دەمێنێتەوە.(کەواتە پرۆسەی وەرگێڕان، ئەو پرۆسەیەیە کە ڕێگەی مەنەلۆك لەگەڵ زمانی یەکەم و دیالۆك لەگەڵ زمانی دووەمدا، فەزایەك دەخولقێنێ و لە ڕێگەی خولقاندنی ئەو فەزایەش لە نێو زمانی دووەمدا بە ئاسانی دەتوانێ پرشنگ بخاتە سەر زمانی یەکەم)(عەبدوڵلا:٢٠٠١: ٧١).

قوربانیدان بە هەر پێکهاتەیەکی دەقەکە لە زمانە ڕەسەنەکەدا، ئەگەرچی کەمیش بێت، دەبێتە مایەی نزمبوونەوەی پێگەی دەقەکە و کەمبوونەوەی کاریگەرییەکەی لە کاتی وەرگێڕانی بۆ زمانی مەبەست.

## ٢ -٢ کورد و وەرگێڕان

کورد بە بەراوورد لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەر مامەڵەیەکی زۆری لەگەڵ وەرگێڕاندا نەبووە و نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو کاتەوەی وەرگێڕان لای کورد سەریهەڵداوە، وەك بزووتنەوەیەك ئەگەرچی لە بازنەیەکی تەسکیشدا بووبێت، بەلام لە کوردستان ڕۆڵێکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گەورەی لە گەشەپێدانی ڕۆشنبیری نەتەوەی دی و ناسینیاندا هەبووە و هەیە، بەوەی پردێکی بەستنەوەی پتەو بووە لە نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوە دراوسێکان بە پلەی یەکەم و ڕۆژئاوا بە پلەی دووەم، (ئەگەر کەسانی پسپۆڕی بواری وەرگێڕان، سنوری سەت ساڵ بۆ کۆڵینەوە دابنێن، ئەوا ڕەنگە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ بە یەکەم چواریەکی ئەو سەتەیە، سەرەتای گوژم و تاودانی ڕەوتەکە دابنێین )(بەکر:٢٠١٩: ٨٢ )لەبەر ئەوەی پێش ڕاپەڕین کوردی باشور بە چاودێری چڕی دام و دەزگاکانی بەعس گەمارۆدرابوون و ڕۆشنبیری کوردیی، هێندە سنوردارکرابوو، تەنانەتهەناسەی لەبەر بڕابوو، (کاتێکیش ڕاپەڕین بەرپابوو، ئێمە کەوتینە بەر لێشاوی ڕۆشنبیری ودنیابینی وڵاتانی ئەوروپای پەرەگرتووەوە، سنورمان واڵا بوو، بە هۆی کاری وەرگێڕانەوە پەنجەرەکانی ڕوانین بۆ کولتور و ڕۆشنبیری و فەلسەفەی ئەوروپا کەوتنە سەرپشت، ئێمەی بندەستەیش زۆر تامەزرۆ و تینوی فەلسەفە و دنیابینی کۆمەڵگای ئەوروپا بووین، چونکە کتێبخانەکانیشمان هەژار و نەدارکرابوو )(بەکر: ٢٠١٩: ٨٢ )، بە تایبەتی(وەرگێڕان ئەو ژانرە گرنگەی مرۆڤ، لە خۆیدا دەلاقەی ڕوانینی خوێنەرە بە ڕووی کۆمەڵگەیانی گۆی زەوی، بۆیە کارکردن لەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵگا، کارکردن دەسەپێنێت لەسەر وەرگێڕان، وەرگێڕانیش سنووری نییە، فەلسەفە و زانست وئایدیاکان و پەروەردە و ....تاد لەخۆدەگرێت )(بەکر:٢٠١٩: ٩١)، د.فەرهاد پیرپاڵ چەندین هۆکاری دەستنیشانکردووە بۆ نەبوونی جموجۆڵی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کۆنی کوردیدا وەك:(پیربال:٢٠٠٢: ١٥ -١٦)

١ -گەلی کورد پەیوەندی ڕاستەوخۆی سیاسی و دبلۆماسی و شارستانی ئەوتۆی لە ڕێگای دەوڵەتی خۆیەوە بە هیچ دەوڵەت و نەتەوەیەکی ترەوە نەبووە (هەر لەبەر ئەوەیە حاجی قادری کۆیی(١٨١٦ -١٨٩٧ ) ووتویەتی:هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت

**بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت**

**بێگانە بە تەرجومەی زوبانی**

ئەسراری کتێبی خەلقی زانی (دیوانی حاجی قادر : ٢٦٣:١٩٨٦):

٢ -کورد دەوڵەتی خۆی نەبووە تا وەزارەت و دەزگاکانی فەرهەنگ و ڕاگەیاندن و خوێندن لە کوردستاندا بایەخ بە زمانەکە یان بەم هونەر و چالاکییە بدەن.

٣ -کورد سەبارەت بە پاشکۆیی و ژێردەستەیی سیاسی، بە درێژایی سەدە کۆنەکان زۆربەی جاران بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی نوسیویەتی وخوێندویەتی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤ -نەبوونی قوتابخانە و چاپخانە لە کوردستاندا، هەروەها لاوازیی ئاستی نوسین و خوێندەواری، ئەدەبیات و ڕۆشنبیری.

هەرچوار خاڵەکەی د.فەرهاد ئاماژەیانی پێداوە لە دەوروبەری نەبوونی دەوڵەتی کوردییەوە

دەسوڕێتەوە، چونکە گەر خاوەن دەوڵەت بووینایە، دەبوینە خاوەنی هەموو شتەکانی تر و ئەو بۆشاییەش دروست نەدەبوو، دەقەکانی (خانی و حاجی) یش پڕنەدەبوون لە ڕەخنەو سکاڵا.

هەربۆیەشە وەرگێڕان لە لای کورد مێژوویەکی درێژ و دێرینی نییە، جگە لە هەوڵی تاك و تەرا و تاکەکەسی، وەرگێڕان وەك بزاڤێکی کولتووری و ژیاریی سستماتیک و دامەزراوە و بەرنامە بۆداڕێژراو تا ئەم ساتە وەختەیش لەلای ئێمە نییە .(بەکر:٢٠١٩: ١٠١)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە ڕێڕەوی وەرگێڕانی کوردیدا کار نەکرابێت، کاری گەورە و چاکیش کراوە، کاری تاکەسی بوون، نەك شوێنێکی فەرمی کۆیانبکاتەوە، تاکو ئێستا مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردیدا دەگەرێننەوە بۆ سێ سەد ساڵ و (خانای قوبادی) (١٦٦٨ - ١٧٣٢ )یش بە یەکەمین وەرگێڕی کورد دادەنێن (مەلا ساڵح: ٢٠٠٠)، هەر لەبەر ئەوەشە (ئاستی سەرکەوتن یا شکست لە وەرگێڕانەکە بە ئاستی نزیکبوونەوەی وەرگێڕ یا دوورکەوتنەوەی لە دەقە ئەسڵییەکە دیاریدەکرێت، ئینجا لە کرۆکی یا قالبەکەی بێت، سەرباری قوڵیی ئەزمونەکەی لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە دەقانە و توانای زمانیی و بەهرە ئەدەبییەکەی) (علی:٢٠١٣ :٢٩).بە واتایەکی تر وەرگێڕ بەرپرسی یەکەمی کارە وەرگێردراوەکەیە و وەرگێڕانەکەش ڕۆشنبیری و هەگبە مەعریفییەکەی وەرگێڕ دەنوێنێت.

**٣ -تەوەری دووەم**

**٣ -١ /دەسەڵاتی وەرگێڕ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا**

کاتێ جاك دریدا (١٩٣٠ -٢٠٠٤)ئاماژەی بەوەدا کە (هیچ شتێ لە وەرگێڕان ترسناکتر نییە)( الزاهی:٢٠٠٩)، واتە دەسەڵاتی وەرگێڕ بەستراوەتەوە بە ستراتیژییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دەقەی مەبەستێتی بیگوازێتەوە نێو زمانەکەی خۆی و زاڵبوونی بەسەر چەمکی هەموو ئەو زاراوە و دەستەواژانەی لە نێو دەقە ڕەسەنەکەدا هەیە، لە پاڵ ڕۆشنبیری زمانی دەقەکە و کلتور و دەوروبەری دەقەکە بە واتای ژینگەی دەقەکە، ئەرکی وەرگێڕ لە ئەنجامدانی سێ خاڵدا بەدیدەکرێت:( Berman,2008,40 )

١ -چارەسەری کێشەیەك.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٢ -شیکردنەوەی بابەتێکی قورس.

٣ -ڕێکخستنی پەرتیی دەنگەکان لە ڕووی مۆسیقیەوە.

کە هەموویان لە ڕێگەی زمانەوە کارییان لەسەر دەکرێت، بۆیە لای (بنیامین)باشترین وەرگێڕان ئەو وەرگێڕانەیە کە خزمەتی زمانێک ناکات لەسەر حیسابی زمانێکی تر، بەڵکو سەرکەوتوو دەبێت بەوەی لێبگەڕێت پەیوەندی نێوان زمانەکان شەفاف بێت لە میانی کردەی خودیوەرگێڕانەکە(BENJAMIN,2000,155 بەمەش (بنیامین)بەرپرسیارێتی سەرشانی وەرگێڕی کەمکردۆتەوە و قورسایی دەستپاکی و بەرپرسیارێتی کە دەوری سەربەستی وەرگێڕییان دابوو، هەرچەندە بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت، کەمتر بکات، ئەمە سەرلە نوێ گفت و گۆی لەبارەی پەیوەندی نێوان زمان و وەرگێڕان هێنایە گۆڕێ(راشدی:٢٠١٦ : ٩٨)، وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا ڕووبەڕووی گەلێ کێشە و زەحمەتی دەبێتەوە، بۆ نموونە کاتێک لە دەقە ڕەسەنەکە پەندێک بەدیدەکرێت، (ئەگەر شارەزا نەبێ، ئەوا لەوانەیە پەندەکە یەکسەر وەربگێڕێ بێ ئەوەی بزانێ کە پەندێکی بە هەمان واتا لە زمانە بۆوەرگێڕاوەکە هەیە)(دەستەی نوسەران: ١٩٩٧: ١٠٥)، هەروەك وەرگێڕ حەیدەر عەبدوڵلا لەم بارەیەوە دەڵێ: من خۆم حەز دەکەم لە بەرانبەر هەموو پەند و دەربڕینێکی عەرەبی، پەند و دەربڕینێکی کوردی دابنێم، بە نموونە : (من سار على الدرب وصل)من کردوومە بە(کاروان لە ڕێ بێت هەر دەگاتە جێ) یان (اختلگ الحابل بالنابل) من کردوومە بە (سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسیەوە، دۆ و دۆشاو تێکەڵ بوو بوو)(بەکر:٢٠١٩: ١١٢)، ئەمە بیرکردنەوەیەکی تەواو تەندروستە، چونکە هەر خۆی پەند قالبی ئامادەن لەبەردەستی وەرگێڕ و نوسەر و شاعیراندا و لە نێو زمانی هەموو نەتەوەیەکدا هەیە، دەکرێ بەرانبەری یەك بکرێن و بە پێی پێویست بەکاربهێنرێن، تەنانەت حەمەکەریم عارف پێی وایە شێواوی وەرگێڕان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە(لە کاتی وەرگێڕاندا بە کوردی بیرناکەنەوە، هەر بۆیەش ئەو لێشاوی وەرگێڕانە نەیتوانیوە بزاڤێکی ڕۆشنبیری ڕەسەن بە ئاراستە نەتەییەکەدا چێ بکات)(بەکر:٢٠١٩: ٧٢)، یا جاری وا هەیە ئیدیۆمێک یا زاراوەیەك لە زمانێکدا جێگەی ڕستەیەکی تەواوی زمانێکی تردەگرێتەوە، خۆ ناکرێت بە ناوی ئەمانەتدارییەوە بەکارنەبرێ و بکرێ بە قوربانی پاچڤەی وشە بە وشە )(سەرچاوەی پێشوو:٧٣)، تەنانەت (شتێکی ئاساییە گەر چەند وەرگێڕانێکی جیاواز بۆ یەك دەقی شیعری بکرێ، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە کامیان توانیویەتی زیاتر شیعرییەتی دەقەکە بەرهەم بهێنێتەوە، ئەمەشیان خوێنەری ڕۆشنبیر و وریا و خاوەن چێژی شیعری دەتوانێت بڕیاری لەسەر بدات)(بەرزنجی:٢٠١٢: ٤١) .

بە پێی جۆر و بابەتەکانی وەرگێڕان و چاپەمەنییە تایبەتییەکانی وەرگێڕان لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەوەی بەدیدەکرێن بریتین لە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١ -**وەرگێڕان لە نێو یەك زماندا(لە نێوان شێوەزارەکاندا)** /دەتوانین بڵێین وەرگێڕان لە نێو یەك زماندا یەکەم قۆناغی پرۆسەی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی ترە، سەرەتا پێش دەستکردن بە هەر پرۆسەیەکی وەرگێڕان، وەرگێڕ تاوتوێی ئەو دەقە دەکات کە دەیەوێت وەریبگێڕێت، ڕاڤەی دەکات و لە هزری خۆیدا دەیهێنێت و دەیبات، بە مەبەستی شیکردنەوە و ئاسانکردنی، ئەمە و لە کاتی تاوتوێکردنی وەرگێڕاندا یەکسەر هزر بۆ لای زمانی و زمانی ئامانج وەکو ئاماژەیەك بۆ زمانی ڕەسەنی دەقەکە و زمانی دەقە وەرگێڕدراوەکە دەچێت، کەچی وەرگێڕان لە نێو یەك زماندا بیر لە دوو دەقی نێو هەمان زمان دەکرێتەوە، کە کار لە سەر بنچینەی دووبارە داڕشتنەوە بنیاد دەنرێت، ئەم جۆرە وەرگێڕانەش خۆی لە خۆیدا قورسە و پێویستی بە سەلیقەیەکی بەرز هەیە، کە (پیرەمێرد)(١٨٦٧ -١٩٥٠) ی شاعیر ڕۆڵی لە گواستنەوەی جوانییەکانی هەندێك شیعری (بێسارانی)(١٦٤٣ -١٧٠١) لە هەورامییەوە بۆ سۆرانی هەبووە، هەروەها دیوانی مەولەوی(ئەسڵ و ڕۆح) ساڵی ١٩٣٥ لە چاپخانەکەی خۆی بە دوو بەرگ لە چاپی داون، دەقی هەورامی شیعرەکەی بە (ئەسڵ) و بەرامبەری وەریگێڕاوەتە سەر شێوەی سلێمانی و ناوی ناوە (ڕۆح) واتا ڕۆحی مەولەوی، پیرەمێرد لەم کارەدا زۆر سەرکەوتوو بووەو بەرهەمی وەرگێڕدراویلە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیشەوە هەیە بۆ کوردی(ئاشنا:٢٠٠٩: ٦١).

یا نموونەی دەقی (صباح الخیر)ی مەلای جزیری کە سێ لەتی دواوەی دووبارە دەبێتەوە، لەتە نەگۆڕەکان ئەمانەن:

.................. صباح الخیر یا خانم
وەرە بیناهی یا چەهڤان ببینم بەژن و بالایێ

( دیوانی عارفی ربانی جزیری:١٣٦١: ٥٢٠)

جزیری داهێنانی لە تێکەڵکردنی (تەرکیب بەند و تەرجیع بەند)دا کردووە، بەوەی هونەرێکی بە ناوی (تەرکیب -تەرجیع) بەیەکەوە بەکارهێناوە و گونجانی لە نێوانیاندا درووست کردووە.

خاڵێکی گرنگی بەراوردکردنی دوو دەقی دیاریکراو بە دوو شێوە زاری تا ڕادەیەك جیاواز پێویستی بە هاوتاکردن هەیە، بۆ ئەم مەبەستە دەقی(صباح الخیر)ی مەلای جزیری و وەرگێڕانەکەی هەژاری موکریانی بەرامبەر دەکەین بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئاکامەی تا چەند توانراوە پارێزگاری لە کرۆکی بیرۆکەکەی جزیری بکرێت، لە کاتێکدا دەبێ بڵێین تەرکیب بەند نەك تەرجیع بەند هەرچەندە نیوەی دووەمی بەیتە بۆگەڕاوەکە لە هەمویاندا وەکو یەکن،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئـەوەی مایـەی سـەرنجە وەرگێڕانەکـەی هـەژار ژمـارەی تـەواوکراوی دەقەکـەی مـەلای جزیـری پێدراوە، ئەمەش هەڵەیە چونکە تەواوکەری دەقە ئەسڵیەکە نین، بەڵکو وەرگێڕان و ڕاڤەی دەقە ئەسڵیەکەن، ئەمە و لە کۆی پێکگرتنی هەردوو دەقەکە ئەم خاڵانە مایەی تێڕامانن:

١. بەندەکانی دەقەکە لای جزیری گشتیان لە ٤بەیت پێکهاتون، کەچی هەژار بەندی دووەمی بە ٦بەیت وەرگێڕاوە، کە زیادکردنیش ناپاکییەکە بەرامبەر دەقە ڕەسەنەکە و شێوەی گشتیی دەقەکەی ئاڵۆزکردووە.
٢. دانانی دوو ووشە بەرامبەر یەك ووشە وەك: (خۆش و گەش )لە بری (الخیر)کە دەکرا تەنیا (باش)بەکاربهێنێت .
٣. پاش و پێش خستنی ڕستەکان یا هەندێ لە ڕستەکان بۆتە مایەی تێکچونی زنجیرەی دارِشتنی بیرۆکەکەی مەلای جزیری.
٤. گۆڕینی ئاراستەی واتای هەندێ لە دێرەکان وەك بەیتی دوای ٤بەیتی بەندی یەکەم، کە لای جزیری :حەیات و راحەتا جانم صباح الخیر یا خانم لای هەژار بۆتە:
بە قوربانت دەکەم گیانم بەیانیت خۆش و گەش خانم
٥. لابردنی هەندێ ووشە و هێنانی ووشەی تر لە بریدا، وەك لە بەندی ٣ یەمدا (بولبول)ی لابردووە، کە (جزیری )خۆی پێ تەشبیە کردووە لە ناڵیندا و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کەچی هەژار زۆر بە ئاسانی دەسبەرداری بووە، یا وەك: لە نێو بەندی ٤ ەمدا ناوی موسا پێغەمبەر نەهاتووە، کەچی هەژار ئاماژەی پێکردوە.
٦. لاوازیی هەندێ دێر لە کاتی وەرگێڕاندا وەك:

| | |
|---|---|
| *ژ زەربی عیشق نالانم (بەندی ٥) بۆتە* | *وەکو دڵ خانە ویرانم* |
| *کو غالب مەست و سەکرانم (بەندی٨)* | *بە سەرخۆشی چ دەتوانم؟* |
| *لدیدارا تە حەیران (بەندی ٩) بۆتە* | *لە دەستتدا بە دەرمانم* |

(( فارسەکان موەشەحیان هەیە کە لە هی عەرەب ناچێت و پێی دەڵێن بەند و دابەشیانکردووە بەسەر :تەرکیب بەند و تەرجیع بەند و تێیدا کێشەکانی (هەزەج و ڕەمەل و موزاریع و خەفیف)یان بەکارهێناوە))(المصری:؟:)کە دەقەکەی جزیری و وەرگێڕانەکەی هەژاری موکریانی هەردووکیان لە سەر کێشی هەزەجی هەشتی تەواون(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) واتە لە چوار تەفعیلە پێکدێت و( مەبەستەکانی کە تەرکیب بەند و تەرجیع بەندی بۆ نوسراوە بریتین لە ستایش و لاواندنەوە و مەبەستە سۆفیگەریەکان)(قندیل:١٩٧٥ :



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٦٠)داهێنانی ئەم جۆرە شیعرە پەیوەستە بە ڕزگاربوون لە قافیەی سواو خۆنەبەستنەوە بە یەکێتی قافیە.ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە پێش ڕاپەڕین زۆر گرنگی پێدراوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین فەرامۆشکراوە و زیاتر بایەخ بە وەرگێڕان لە نێوان دوو زماندا دراوە.

٢ -***وەرگێڕان لە نێوان دوو زماندا/*** لە دوای ڕاپەڕین کۆمەڵگەی کوردی بە ڕووی جیهاندا کرایەوە و ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی کە لە پێش ڕاپەڕیندا هەبوون، تا ڕادەیەکی زۆر نەمان، بەڵام ئەمەش دوو جەمسەر بوو ئەرێنی و نەرێنی، ئەرێنییەکەی ئەوەیە کە بازنەی ڕۆشنبیری ئەو زمانانەی بەرهەمیان بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدرا زۆر فراوانتر بوو، ئاشنایەتی زیاتر لەگەڵیاندا دروست بوو، کە لە پێش ڕاپەڕیندا زیاتر بابەتەکان لە زمانی دراوسێکان بە تایبەتیش لە زمانی عەرەبی وەردەگێڕدران، هەرچەندە هەژمونی زمانی عەرەبی تاکو ئێستاش ئامادەیی هەیە.

جەمسەرە نەرێنییەکەی لەوەدا بەدیدەکرێت کە حاڵی وەرگێڕان وەکو حاڵی بابەتەکانی تر لە هەرایەکی بێ چاودێر و بەسەریەکدا کەوتوو ئەمسەر و ئەوسەر دەکات.(ئێمە نەمانتوانیوە ئەوەی خۆمان هەمانە بیدەینە خەڵکی، زۆر بە کەمی بەرهەمێکی کوردی کراوە بە زمانێکی بیانی، بۆ نمونە ژانی گەلی برایم ئەحمەد کراوەتە فارسی، چەند شیعرێکی شێرکۆ بێکەس کراونەتە زمانی سویدی، بە هەر حاڵ ئەوەی کە کراوە کەم بووە، ئەوەی کە لە خەڵکیمان وەرگرتووە کەم نییە)(بەکر:٢٠١٩: ٢٥).

هەندێ جار وەرگێڕ ئاماژە بە کاریگەری بەرهەمێک دەکات بۆ نوسینی دەقێکی دیاریکراوی، بەلاَم لە بنچینەدا تا ڕادەیەك وەرگێڕانە، نەك تەنیا کاریگەری بێت، وەك ئەو نموونەیەی حەمەسەعید حەسەن، لە شیعری(گەڕانەوە) کە لە ٢٠١٢/٥/١٤ نوسیویەتی، ئاماژەی بەوە داوە و دەڵێ: لەبەر ڕۆشنایی (أيڤن)دا، ئەو شیعرەی نیزار قەبانی کە محەمەد عەبدولوەهاب ئاوازی بۆ داناوە و نەجات ئەلسەغیرە گوتوویەتی، نووسراوە، بەلاَم لە ئاکامی بەراووردکردنی دوو دەقەکە زیاتر بیر بۆ وەرگێڕان دەچێت، نەك نووسین، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| *خۆ بە دەستیەوە بووکەشووشە نیم* | *أيظـن انـي لعبـة بيديـه؟* |
| *تا بە کەیفی خۆی، گەمەم پێ بکا* | *أنـا لا أفكـر في الرجـوع اليـه* |
| *ئیدی قەت بۆ لای ناگەڕێمەوە* | *اليـوم عـاد كـأن شـيئا لم يكـن* |
| *تازە ناتوانێ کارم تێ بکا* | *و بـراءة الأطفـال في عينيـه* |
| *ئەمرۆ هەروەکو هیچ ڕووی نەدابێ* | *ليقـول لـي: انـي رفيقـة دربـه* |



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

*هـات و باوەشـێ، گـوڵی بـۆ هێنـا — مـو بـأنني الحـب الوحيـد لديـه*

*ژوەکوو منداڵێ، بۆ کۆشی دایکی — حمـل الزهـور الـي، كيـف أرده*

*گەڕابێتـــەوە، هاتـــەوە بـــۆ لام — و صــباي مرســوم علــى شـفتيه*

(الأعمال الكامله –نزار القبانی :١٩٠)

حەمە سـەعید تـەنیا بیرۆکـەی نێـو ڕستەکانی نـزار قـەبانی پـاش و پـێش کـردووە، ئەگـەر نا هـەمان شـتن، واتـا ئـەمـە دەبێتـە وەرگێڕانـی بـە دەسـتکارییەوە، نـەك سـوودوەرگرتن لـە بیرۆکەکەی.

کە لەدوای ڕاپەڕین زیاتر بەرهەمەکانی نزار قبانی کراونەتە کوردی هەر بۆ نموونە: نزار قەبانی –عەرەبی –کوردی، کە دیاری عەلی وەرگێڕاوە و چوار جار چاپکراوەتەوە، هەروەها (ئـازاد بـەرزنجی)یش کۆمـەڵێک شـیعری هەڵبـژاردەی کردۆتـە کـوردی، هـەروەها (عیسـا چـیایی)هەڵبژاردەیەکی لـە شـیعری عـەرەبی لـە ژێـر نـاوی (لـە ژێـر ئـاسمـانی شـیعردا)لە ٢٠٠٥ وەرگێڕاوە و بڵاویکردۆتەوە، دوای ڕاپەڕین ئاراستەی پێچەوانەش بەدیدەکرێت، واتـە لـە عەرەبییەوە بۆ کوردی نموونەی: ١ –شیرکۆ بیکه س، انت سحابة فامطرك –مختارات شعرية، ترجمة و تقديم:دانا احمد مصطفى، السليمانية، ٢٠٠٤.

٢ –كمال حسين غمبار، قصائد كردية مترجمة و مقالات نقدية، ط١، اربيل، ٢٠١١.

٣ –**چـاپکراوەکان**/ لەگـەڵ بـوونی چـاپ و چـاپەمەنی وەرگێـڕانیش بۆتـە بابـەتێکی بەرجەستەکراو و لەپاڵ بابەتەکانی تردا هەنگاوی ناوە، بەڵام ئەوەی مایـەی سـەرنجە وەرگێڕانـی ئـەدەبی لـە نێـو لاپـەڕەکانی گۆڤـاری گەلاوێـژ(١٩٣٩ –١٩٤٩)ی دا چـەکەرەی کـردووە و تـا ڕادەیەك بۆتە خاوەن ناسنامەی خۆی، بەتایبەتی کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو گۆڤارانەن کە تایبەتن بە وەرگێڕان، کە کورد بە بەراورد بە نەتەوە دراوسێکان زۆر هەژارە هەرچەندە نوسەرە کوردەکان هەر زوو درکیان بەم بۆشاییە کردووە کە وەرگێڕان لە نێـو ڕۆشـنبیری کوردیـدا دروسـتیکردووە، ئـەوەتا عەبدولواحیـد نـوری لـە ڕۆژنامـەی ژیانـەوە لـە ١٩٢٥/٨/٢٧ بڵاویکردۆتەوە و دەڵێ: (ئێمەی کورد لەسەرمانە پرۆغرام و مەعاریف و دەرسەکانی میللـەتان بکـەین بـە کـوردی و تـەبع بکـرێن، ئەگـەر نوسـەرانمان ئینگلیـزی و فەڕانسـی نـازانن :عەرەبی وتورکی و فارسی ئەزانن، لە ئاساری ئەو زبانانە کە بۆموحیگی ئێمە باشە، تەرجومە و ئیقتیباس بڵاوبکەینەوە، با لە تەرەقیاتی ئەم عەسرە بێبەش نەبین)، هەر ئەوەشە وای لە د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ کردووە لە کاتی نوسینی پێشەکی بۆ کتێبەکەی جەمال نەبەز (وەرگێڕان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هونەرە) ئاماژە بە حاڵەتە بکات و بڵێ: (هیچ پێویست ناکا لە عەرەبییەوە شت وەربگێڕین، چونکە ڕۆشنبیری کوردستانی عیراق عەرەبی ئەزانن و پێویستیان بەوەیە ئاگاداری بیری ڕۆژئاوا بکرێن)(نەبەز:١٩٧٢: ٢ )، بەلاّم وەرگێران بۆ خوێنەر دەکرێت، نەك بۆڕۆشنبیر و زمانزانان، هەرچەندە ئەوانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان سود یا چێژ لە وەرگێڕان دەبینن.واتە هەردوو نوسەر جەخت لەسەر وەرگێڕان لە زمانە ڕۆژئاواییەکان دەکەنەوە ننەك زمانی دراوسێکان، چونکە خەڵکانیی زۆر بەم زمانانە ئاشنان.

**کورد لە بواری چاپەمەنی دوو جۆر سەرچاوەی وەرگێڕانی هەیە:**

١ -لە پاڵ بابەتەکانی گۆڤار یان ڕۆژنامەکە وتارێك یا باسێکی کورت لە بارەی وەرگێڕان بەدیدەکرێت، یا دەقێکی ئەدەبی جا چیرۆکێك یا شیعرێك، یا هەر بابەتێکی تری ئەدەبی وەرگێڕدراو بێت بلاّودەکرێتەوە، بۆ نموونە : ڕۆژنامەی هەولێر کە تا ڕادەیەك بایەخ بە وەرگێڕانی ئەدەبی دەدات، وەك مشتێك بۆ خەروارێك نمونەی شیعری (خۆشەویستی)ی جوبران خەلیل جوبران(١٨٨٣- ١٩٣١ ) کە لە لایەن حەمەسەعید حەسەن وەرگێڕدراوە و لە ژمارە (١٢٦٦)لە ٢٠١٢/٢/١٩ل ی هەولێر بلاّوکراوەتەوە، کە یەکێکە لەو دەقە ناوازانەی باس لە خۆشەویستی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی خۆشمان دەوێن، دەکات، هەندێك ئەم دەقە بە (خاتیرە) دادەنێن نەك شیعر، هەروەها دەیدەنە پاڵ نوسەری ئیماراتی ناسراو بە (شەهرەزادی خەلیج) نەك جوبران خەلیل جوبران بێت، حاڵەتی هەستەکانی خۆشەویستنی خستۆتە ڕوو بە پێی کەسەکان، لە ئاکامی بەیەکگرتنی هەردوو دەقەکە بە زمانی عەرەبی و کوردییەکەی، وا هەست دەکرێت حەمەسەعید حەزی لێبوبێت ئەم دەقە هی ئەو بووایە، هێندە زیاد و کەمی تێدا بەدیدەکرێت، لەم بارەیەوە (محەمەدی قازی )دەڵێ: ( ئەگەر ڕستەیەك نووسرابوو: ئەم خانووە بەرزە، بەلاّم وەرگێڕەکە وەریدەگێڕێت :ئەم خانووە زۆر بەرزە، ئەوە بە خیانەت و ئەمانەت نەپارێزی دادەندرێت) ( عەلی:٢٠١٥: ٨٠ )، بەم پێوانەیە بێت، ئەوا کەرەستەیەکی زۆر لە لایەن خودی حەمەسەعید حەسەن کەم یا زیاد کراوە تەنیا وەك ئاماژەپێکردنێك : لە عەرەبییەکە هاتووە کە سەرەتای دەقەکەیە (نحبهم) حەمەسەعید کردویەتییە (هەندێ کەسمان زۆر خۆش دەوێن) لە کاتێکدا ئەمە درێژدادڕییە و دەکرا بڵێ :(خۆشمان دەوێن).

٢ -تەرخانکردنی بەشێك یا کردنەوەی مەلەفی تایبەت بە وەرگێڕان، لێرەدا ڕووبەرەکە فراوانتر دەبێت، وەك: ئەنجامدانی چەندین مێزگرد لە بارەی وەرگێڕان، سەرباری گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٠٧) ی گۆڤاری کاروان کە لە کانونی دووەمی ١٩٩٧ دەچووە، دۆسیەیەکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بۆ وەرگێڕان کردۆتەوە، و تەوەرێکی تایبەت بە وەرگێڕان لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (سورێنی نوێ) ی ساڵی ٢٠٠٥، لاپەڕەکانی ١٣٦ -١٤٣.

٣ -تەرخانکردنی ژمارەیەکی گۆڤارەکە بۆ وەرگێڕان، بۆ نموونە : تەرخانکردنی ژمارە (٣٧) ی گۆڤاری ڕامان کە لە ١٩٩٩/٧/٥ دەرچووە بۆ وەرگێڕان،

٤ -دەرکردنی گۆڤاری تایبەت بە وەرگێڕان وەك گۆڤارێکی سەربەخۆ بۆ وەرگێڕان و لقەکانی وەرگێڕان بە گشتی و وەرگێڕانی ئەدەبی بە تایبەتی، کە کورد لەمەدا چاوی لە نەتەوە دراوسێکان کردووە و ئەویش ویستویەتی چەشنی ئەوان ببێتە خاوەن ئەم جۆرە گۆڤارانە، لە کاتێکدا عەرەبەکان زیاتر لە (١٥) گۆڤاری تایبەت بە وەرگێڕانیان هەیە، نمونەی : مجلة الآداب العالمية، العربية و الترجمة، التعريب، جسور، معالم، المترجم العربي، ترجمان، ترجميات، مجلة المنظمة العربية للترجمة، دراسات الترجمة، ....تاد، بەلاّم لای کورد زۆر دیاریکراون، کە بریتین لە:

**أ/ ئەدەبی بێگانان** / کە بەشی یەکەمی بە سەرپەرشتی (عەزیز گەردی ) لە ساڵی ١٩٨٢ بلاّوکراوەتەوە، لاساییکردنەوەی (الیقافە الأجنبیە)یە کە ژمارە (١) ی لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە و جگە لە دیاریکردنی مەلەفی تایبەت بە وەرگێڕان، بابەتە وەرگێڕدراوەکانیش تەوەری سەرەکی گۆڤارەکە بوون و ساڵی ١٩٩٧ هەژدەیەمین ساڵی بەردەوامبوونی ئەم گۆڤارە بوو، کەچی گۆڤاری ئەدەبی بێگانان تەنیا (٥) بەشی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢ -١٩٨٣ دەرچووە و هیچ ژمارەیەکی تری دەرنەکراوە، بایەخی بە وەرگێڕانی ئەدەبی بێگانە داوە، وەرگێڕانەکان زیاتری لە زمانی ئینگلیزییەوە بووە (یابە: ٢٠٠٤: ٩٨ -١٠٩)لەو ڕوانگەیەی (ئەدەبی ڕەسەن ئەو ئەدەبەیە کە لە واقیعی نەتەوایەتییەوە هەڵدەقوڵێ و ئەگەر وەربگێڕدرێتەوە سەر هەر زمانێکی دی لە دوورەوە هاوار دەکات و هەر کەسێکی هەر زمانێک بیخوێنێتەوە یەکسەر دەزانێ ئەمە ئەدەبی فلانە نەتەوەیە و لە فلانە سەردەم نوسراوەتەوە و بۆنی فلانە خاك و هەوای لێ دێ)(گەردی: ١٩٨٣: ٣).

**ب/ گۆڤاری وەرگێڕان** / کە تاقە گۆڤاری فەرمی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە و ژمارە (١) ی لە ١٩٩٧ دەرچووە، (فەلەکەدین کاکەیی) خاوەنی ئیمتیاز و (د.فەرهاد پیربال) سەرنوسەری بووە، لە کاتێکدا هەر خۆی گۆڤارەکە گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بووە بە تەرجەمەی کولتوری گەلان، بەلاّم تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە و وەستاوە، لە ژمارە (٢ )ەکەی شیعرە بەناوبانگەکەی (النهر و الموت)ی بدر شاکر السياب ( ١٩٢٦ - ١٩٦٤ )کە لە لایەن (د.لەتیف محەمەد حەسەن )کراوەتە کوردی، بە یەکێ لە وەرگێڕانە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جوانەکانی شیعر دادەنرێت و تێیدا فرمان یا کردارەکان کۆی ئەزمونی شاعیر کۆدەکاتەوە و جولە بە دەقەکە دەبەخشێت، ئەمەش لە ئاکامی بایەخدانی وەرگێڕە بەم لایەنە و هەستکردن بە جولەکان لە نێو دەقە وەرگێڕدراوەکەشدا چەشنی دەقە ڕەسەنەکە، وەك چۆن دلاوەر قەرەداغی دەڵێ: (ئەو زوبانەی کە شیعرەکەی بۆ وەردەگێڕدرێ بەس نییە بۆ وەرگێڕانی شیعر، بەڵکو دەبێ وەرگێڕ زوبانێکی تر بەلەد بێت، کە ئەویش زوبانی ناوەکی و هەستەکی شیعرەکەیە، زوبانی ناوەوە و کۆد و ئاماژەکان، زوبانی ئاو و با و باران، زوبانی ئەو بێدەنگییەی کە لە قوڵایی دێرەکاندا شەپۆل دەدا و زوبانی ئەو بایەی کە بە کاوەخۆ هەڵدەکا و زوبانی ئەو پەڕەی کە ورد ورد لە باڵی مانگەوە دەوەرێ، دیارە زوبانزانین بە تەنها بۆ وەرگێڕانی هەموو ئەوانە بە هانامانەوە نایەت)(بەکر:٢٠١٩: ١٠٤ )، زۆر ژیانکردنی وەرگێڕ لەگەڵ دەقەکەدا دەیگەیێنێتە ئەو ئاستە و ناسنامەی سەرکەوتنی پێدەبەخشێت، خاڵێکی تر ڕاستەوخۆ وەرگێڕان لە زمانی ڕەسەنی دەقەکە دەبێتە مایەی یەکسەریی وەرگێڕان و نەبوونی ناوەند کە دەکاتە بوونی زمانی سێیەم، هەرچەندە ئەمەش لە هەموو کاتدا نابێتە پێوەرێکی پتەو، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ڕۆمانی (حەمەدۆك)ی (یەشار کەمال)ە( ١٩٢٣ - ٢٠١٥) کە بە زمانی تورکی نوسراوە، بەڵام (عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە زمانی فارسیەوە کردوویەتییە کوردی و زۆریش سەرکەوتوو بووە، چونکە توانیویەتی ڕۆحی بەرهەمەکە بە زیندوویی بهێڵێتەوە.

ت/**گۆڤاری (پەیامی وەرگێڕ)**/لە ساڵی ١٩٩٢ تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچوو، کە لە لایەن کۆمەڵەی وەرگێڕانی کوردستان دەرکرا، کۆمەڵەکەش هەر لە ساڵەدا دامەزران و نەیانتوانی بەردەوام بن، چونکە هێشتا وەرگێڕان لە کوردستاندا پشت بە ئارەزوویەکی تاکەکەسی دەبەستێت و نەبۆتە پیشەیەکی خاوەن یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی، بۆیە هێشتا (دەرچوونی وەرگێڕان لە بازنەی سەلیقە و دەستپێشخەری تاکەکەس، واتە دەزگایەکی باوەڕپێکراوی ڕۆشنبیری و زانستی بە پشتیوانی ماددی و مەعنەوییەوە شانی بداتە بەر، وەك ئەرکێکی نەتەوەیی بزانێ بۆ ئەوەی شاکارە جیهانییەکانی بوارە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری، هونەری و زانستی وەربگێڕێ)(بەکر: ٢٠١٩: ١٢٤ )

هـ/ **گۆڤاری ئیلیان**(کە ووشەیەکی هەورامییە بە واتای -هێلانە -دێت)، گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە وەرگێڕانی چیرۆکی بیانییە و ژمارە (١)ی لە هاوینی ٢٠١٥ لە گەرمیان دەرچووە و تاوەکو ئێستا بەردەوامەو (٧) ژمارەی چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە، بە گشتی مەلەفیان بۆ چیرۆکی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و عەرەبی و فارسی تەرخانکردووە ولە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ژماره(٣)مەلەفیکیشیان بۆ چیرۆکی گەلانی تر جگە لەو زمانانەی کە لە ژمارە (١) ئاماژەیان پێکردبوو، تەرخانکردووە.

سەرنوسەر لە ژمارە(١) ی ئەم گۆڤارەدا دەڵێ: (بە کورتی ئیلیان گۆڤاری تایبەت بە ئەو چیرۆکە وەرگێڕدراوانەیە، کە خوێنەری تاکزمانی کورد دەبێت بیانخوێنێتەوە )(سلێمان:٢٠١٥: ٤ )

٤ -**دروستکردنی گروپ و کۆمەڵەی تایبەت بە کارکردن لەسەر وەرگێڕان**/(لە ساڵی ١٩٩٢ لە لایەن چەن وەرگێڕێکەوە هەوڵدرا کۆمەڵەیەکی لەمەڕ وەرگێڕانەوە دابمەزرێت و بکەوێتە گەڕ بۆ وەرگێڕانی شاکارەکانی زمانی دیکە و ڕۆشنبیریی کوردیی پێ دەوڵەمەند بکرێت، ئەو هەوڵە سەری گرت، کۆمەڵەیەك بە ناوی [کۆمەڵەی وەرگێڕانی کوردستان - Kurdistan Translators Society ] بەڵام هەر زوو ئەو کۆمەڵەیش، وەك گەلێ کۆمەڵەی ڕۆشنبیری دیکە، ...، نەیتوانی لەبەر زۆر هۆ بە پێوە بوەستێ و تەکانێک بە بزووتنەوەی وەرگێڕان بدات) (پەژار : ١٩٩٧: ١١٣ -١١٤ )، ئەم کۆمەڵەیە تەنیا توانیان یەك ژمارەی گۆڤاری (پەیامی وەرگێڕ) دەربکەن، لە کاتێکدا عەرەبەکان تەنیا وەك نموونە خاوەنی چەندین دام و دەزگای تایبەتن، وەك:المركز القومي للترجمه -القاهره، و المنظمه القوميه للترجمه -بيروت، و المركز الوكني للترجمه -تونس، ...تاد.

٥ -**چاپکردنی کتێبی تایبەت بە وەرگێڕان**/لە نێو کورددا وەك چۆن هێندە گرنگی بە وەرگێڕان نەدراوە، گرنگیش بە چاپکردنی کتێبی تایبەت بە وەرگێڕان نەدراوە، بە تایبەتی لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین تا ڕادەیەك باشتر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان کەمن، لە سەروی هەموویانەوە کتێبەکەی (مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا -لە کۆنەوە تا ١٩٣٥)ی فەرهاد پیربباڵ کە لە ٢٠٠٢ چاپکراوە، هەندێ جار کۆکردنەوەی کۆمەڵێک چاوپێکەوتنە لەگەڵ وەرگێڕ و چاپکردنیان لە دوو تویی کتێبدا، بۆ نموونە :

کتێبی(هونەری وەرگێڕان) کە لە لایەن ژیڤان بەکر ئامادەکراوە و یەکەم چاپی لە ٢٠١٩ لە چاپخانەی تاران دەرچووە، کە کۆمەڵێک چاوپێکەوتنە لەگەڵ چەند وەرگێڕێکی ناسراوی کورد، کە دەبوو لە ژێر ناونیشانی کتێبەکە بنوسرابایە چاوپێکەوتن، چونکە سەرەتا وا دەردەکەوێ کە کتێبەکە لەبارەی هونەری وەرگێڕان و یاسا و ڕێساکانیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی چاك و پێویستە بۆ ئێستای ڕەوتی وەرگێڕان، لە پاڵ چەند کتێبێکی تری تایبەت بە وەرگێڕان کە هەندێکیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچوون.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ٤ -ئەنجامەکان

-لە پێش ڕاپەڕین بزووتنەوەی وەرگێڕان بە ئاراستەیەکی تردا دەڕۆیشت، بەوەی بایەخی زیاتری بە وەرگێڕان لە زمانی عەرەبی بە پلەی یەکەم ئینجا فارسی یا هەندێ زمانی ڕۆژئاوایی بۆ کوردی دەدا ئەمە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە زیاتری وەرگێڕانەکان هاوردە بوون، واتە لە زمانی ترەوە کراونەتە کوردی، دەرکردە بە واتای ئەو بەرهەمانەی کە لە زمانی کوردییەوە کراونەتە زمانی تر ئەگەر هەبن زۆر دەگمەنن، ئەم حاڵەتەش کاریگەری نەرێنی درووستکردووە و هاوسەنگی تێکداوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ئەم ئاراستەیە پتەو و کاریگەرتر بوو.

-ئەگەر بزووتنەوەی وەرگێران لە پێش ڕاپەڕین بایەخی زیاتری بە وەرگێڕان لە نێوان شێوەزارەکان داوە، واتە نێوانی شێوەزارەکانی لەیەکتر نزیک کردبێتەوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە وەرگێڕانی ئەدەبی لە نێوان شێوەزارەکاندا بەدیناکرێت، جگە لە وەرگێڕانی ئەلف وبێی لاتینی بۆ ئەو ئەلف و بێیەی کە لە باشوری کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر ناوەڕۆك نابێت، تەنیا شێوە و ڕوخساری دەگۆڕێت.

-وەرگێڕانی ئەدەبی بە گشتی و وەرگێڕانی شیعر بە تایبەتی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکی قورسە، هەرچەندە شاعیر ببێتە وەرگێڕی شیعر چاکترە لەوەی تەنیا وەرگێڕ ئەم کارە ئەنجام بدات، چونکە ئاشنای کەرەستە و تەکنیکەکانی دەقەکەیە و دەتوانێت بەسەر زمانی دەرەکی و زمانی ناوەکی دەقەکە زاڵبێت.

- دەقە وەرگێڕدراوەکان هەر لە دووتوێی بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر یا شاعیران داندراون، تا دواتر بەشی تایبەت بە وەرگێڕان لە هەندێ گۆڤار تەرخانکراون، لە سەرووی هەمووشیانەوە گۆڤاری گەلاوێژ، دواتر کاروان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕامان، تا گەیشتۆتە ئەوەی بیر لە دیاریکردنی مەلەفی تایبەت بە وەرگێڕان بکەنەوە تا بیرکردنەوە لە دەرکردنی گۆڤاری تایبەت بە وەرگێڕان، بەڵام هەوڵەکان چەند ڕێچکەیەکیان گرتووە:

یەکەم/ لە لایەن دام و دەزگای فەرمییەوە بە تایبەتیش وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەرچەندە هەوڵەکەیان ناکامل بووە و تەنیا دوو ژمارەیان لە گۆڤاری وەرگێڕان دەرکردووە.

دووەم/ هەوڵی تاکەکەسی یان گروپێکی دیاریکراو نموونەی دەرکردنی گۆڤاری: پەیامی وەرگێڕ، ئیلیان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سێیەم/هەوڵی نووسینی کتێبی تایبەت بە هونەری وەرگێڕان یا کۆکردنەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ وەرگێڕە دیارەکانی کوردستان  لە دووتوێی کتێبدا.

- بزووتنەوەی وەرگێڕان لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا وەك لایەنە سیاسییەکەی پەرش و بڵاوە، سەرباری دابەشبوونی بەسەر چوار پارچەدا کە کەم ئاگاداری یەکترن، دوو جەمسەری وەرگێڕانیش لە دوای ڕاپەڕینەوە بەدیدەکرێت:جەمسەری یەکەم: وەرگێڕان لە ناوەوەی وڵات  و جەمسەری دووەم: وەرگێڕان لە تاراوگە،  کە دوو جەمسەری دژبەیەك نین، بەڵام تا ڕادەیەك بێئاگان لە یەکتری.

- دەقی ئەدەبی داهێنراو هەمیشە ڕووبەڕوویەکی ئەرێنی لەگەڵ وەرگێڕاندا هەیە، چونکە ئەم جۆرە دەقانە بە درێژایی  مێژوو لە سنوری جوگرافی و ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو نەوەستاون، بەڵکو سنورەکانیان تێپەڕاندووە و توانیویانە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگاکەشیان بپارێزن و ببنە بەشێك لە ناسنامەی نەتەوایەتی.

## ٥ -سەرچاوەکان


-ئازاد بەرزنجی(٢٠١٢ )، وەرگێڕان لە گفتوگۆدا(وتوویژ سەبارەت بە وەرگێڕان و هەندێ مەسەلەی دی، چ١، سلێمانی .

- اسعاد عبدالهادي(١٩٧٥)، فنون الشعر الفارسي، مكتبة الشريف للطباعة و النشر.

-أوجين ألبرت نيدا(؟)، نحو علم الترجمة، ترجمة :ماجد النجار، العراق.

- حسين مجيب المصري(د)(؟)، صلات بين العرب و الفرس و الترك   -دراسة تأريخية أدبية.

- ديفيد جستيس(٢٠٠٤)، ، محاسن العربية في المراة الغربية( أو دلالة الشكل في ضوء اللغات الأوروبية) ترجمة: حمزة بن قبلان المزيني، ط١، مركز الملك فيصل للبحوث و الدراسات الاسلامية، الرياض، السعودية.

- زين العابدين مؤتمن(١٣٣٥)، تحول شعر فارسي.

- شمس الدين محمد بن قيس الرازى(١٣٧٣)، المعجم في معايير أشعار العجم، به كوشش:د.سيروس شميسا.

- شوان سلێمان یابە(٢٠٠٤)، ئیندێکسی (٥) بەشەکەی گۆڤاری (ئەدەبی بێگانان)ی ساڵی ١٩٨٢   -١٩٨٣، گۆڤاری گزنگ، ژمارە(١٨)، تشرینی یەکەم.

- صلاح حامد اسماعيل (؟)، الاختلافات اللغوية و الثقافية و أثرها في عملية الترجمة، مركز دراسات الترجمة.

- عبد الصاحب مهدي علي(أ.د) (٢٠١٣)، ترجمة الشعر لأشهر القصائد الانكليزية مع دراسة تحليلية للشعر و ترجمته، ط١، جامعة الشارقة، الامارات العربية المتحدة.

- عەزیز گەردی(١٩٨٢)، پێشەکی، گۆڤاری ئەدەبی بێگانان، بەشی یەکەم .

- عەزیز گەردی(١٩٩٩)، سەرواساز لە شیعرەکانی جزیریدا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەربەندە٢، هژمارا تایبەت : کۆنگرێ زانستیێ ئێکێ یا زانکۆیا دهۆك.

- علي القاسمي(د)(٢٠٠٩)، الترجمة و أدواتها -دراسات في النظرية و التطبيق، بيروت.

- مستەفا سەعید عەلی(٢٠١٥)، بە بێ وەرگێڕان جیهان مێژوویەکی نییە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢١٦.

-باهر الجوهري(١٩٩٢)، اشكالية ترجمة الشعر بين اللغتين العربية و الألمانية، كتاب ندوة الترجمة و التنمية الثقافية،

-جاحظ(١٩٩٢)، الحيوان، تحقيق:يحيى الشامي، بيروت.

-جاك ديريدا(١٩٨٥)، أبراج بابل، في كتاب جي.غراهام، تحرير الاختلاف في الترجمة.

-جەمال نەبەز(١٩٧٢)، وەرگێڕان هونەرە، بەشی کوردی، کۆلێجی ئادابی زانستگەی بەغدا، چ٢، بەغدا.

-حەکیم مەلا سالح(٢٠٠٠)، خانای قوبادی یەکەمین وەرگێڕی کورد و شاعیرێکی بە ئەزموون، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٥٢.

-حەمەسەعید حەسەن(٢٠١٢)، شیعری خۆشەویستی، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ١٢٦٦.

-حسيب ألياس حديد(٢٠١٣)، اصول الترجمه -دراسات في فن الترجمه بأنواعها كافه، بيروت.

-ديوان نزار القبانی (٢٠٠١)، بيروت .

-ژیڤان بەکر(٢٠١٩)، هونەری وەرگێڕان.

-رومان ياكوبسون(١٩٥٩ )، حول الجوانب اللغوية للترجمة، في كتاب من تحرير :ر.ا.برور(في الترجمة)، جامعة هارفارد.

-سوزان باسنت(٢٠١٢)دراسات الترجمة، ترجمه و قدم له:د.فؤاد عبد المطلب، دمشق.

-شحادة الخوري(١٩٨٨)، الترجمة حديثا و قديما، ط١، تونس.

-عەبدولموتەڵیب(٢٠٠١)، سەلیقەی وەرگێڕان لە نێوان تێگەیشتن و تێگەیاندن، گۆڤاری کاروان، ژمارە١٦٠.

-عیسا چیایی (٢٠٠٥)، هەڵبژاردن و وەرگێڕان، لە ژێر ئاسمانی شیعردا، سلێمانی.

-فەرهاد پیرباڵ(د)(٢٠٠٢)، مێژوی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا (لە کۆنەوە تا ١٩٣٥)، ، هەولێر.

-موکەرەم ڕەشید تاڵەبانی (١٩٩٧)، چی وەربگێڕین و چۆن وەربگێڕین، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٠٧.

-نزار قەبانی (٢٠١٧ )، کاتێ کە من تۆم خۆش دەوێ(هەڵبژاردەیەکی شیعری)، وەرگێڕانی :ئازاد بەرزنجی، چ١، سلێمانی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# الترجمة الأدبية بين اللغة و سلطة المترجم -بعد انتفاضة ١٩٩١ الى الآن


**الملخص:**

الترجمة عملية حضارية لغرض التبادل المعرفي و تنمية المعلومات بين اللغات المختلفة و توسيع المعجم اللغوي ليس فقط للمترجم و انما القراء أيضا يتذوقون أكثر من النص المترجم، بعد انتفاضة ١٩٩١ بدأت حركة الترجمة في كردستان في تطور مستمر، اضافة الى اهتمام الصحافة الكردية بالترجمة حيث صدرت بعض المجلات الخاصة بالترجمة، لذلك خصصنا بحثنا هذا ل(الترجمة الأدبية بين اللغة و سلطة المترجم -بعد انتفاضة ١٩٩١ الى الآن)و فيها ناقشنا مواضيع عدة عن الترجمة الأدبية في هذه الفترة الزمنية، حيث قسمنا البحث الى محورين، المحور الأول يدور حول(مكانة اللغة و علاقتها بالترجمة و اختلاف اللغات) ، لأن هناك اختلاف حتى بين لغة الكاتب و لغة المترجم من حيث اختيار الكلمات و المصطلحات الخاصة بمخزونه المعرفية، و لكن المترجم يتقيد و حريته محددة وعرض موجز عن الكرد و حركة الترجمة.

و المحور الثاني يناقش( سلطة المترجم و كيفية المعاملة مع النص) مع الاشارة الى نماذج حية من الترجمات الأدبية، اضافة الى الاجابة عن السؤال الرئيسي ألا و هوبعد انتفاضة ربيع ١٩٩١ الى أي حد اهتم الكرد بالترجمة بين اللهجات من جهة و بين اللغات المختلفة من جهة اخرى، و في الختام عرضنا مجموعة من النتائج و المصادر المعتمدة في البحث، اضافة الى ملخص البحث باللغتي العربية و الانجليزية.



**الكلمات الدالة:** *الترجمة، النص، النقد، القيمة الأدبية، سلطة اللغة، الثقافة*


## The literary translation between language and the authority of the translator-after the uprising of 1991 till now


## ABSTRACT:

Translation is a civilized process for exchanging knowledge and different languages with enlarging the linguistic encyclopedia not only for the translator but for readers as well. They are interested more than the translated text after the uprising of 1991, the translation movement in Kurdistan has been progressed continuously in addition to the concern of Kurdish journalism when specific magazines have been existed for translation purposes. Our research, *The literary translation between language and the authority of the translator-after the uprising of 1991 till now*, in it we discuss several subjects about literary translation due to this period of time. The research paper is divided into two sections. The first one is about The status of language and its relation to translation and different languages because there is difference between the language of the writer and the language of the translated text, concerning the choice of the words and specific terms related to the knowledge stored in mind. But the translator’s movement is limited and his freedom also.

The second section discusses The authority of the translator and its dealing with the text with reference to lively models of literary translations. In addition of answering the main question which is after the 1991 uprising, to what extent the Kurds have paid attention to translation among dialects and different languages as well. Finally, the concluding points follow accompanied by a list of references and the abstract in both Arabic and English languages.

**Keywords**: *Translation, Text, Criticism, The literary value, The authority of the language , Culture.*

## پاشكۆ:






Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی


دراسات الترجمة
Journal of Translation Studies
مجلة فصلية محكمة تصدر عن بيت الحكمة/ قسم دراسات الترجمة
العدد 14 _ ربيع 2011
ISSN 2221-9498
التشكيل العبري في ضوء التشكيل العربي
فحص الترجمة
تأملات في حياة مترجمة


گۆڤاری وەرگێڕان
ژمارە 2 دیسەمبەری 1997
فریدریک نیتشه
سوریالیزم
جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ
سۆناتەکانی شکسپیر
بیناسازی لە ئەوروپا


ئیلیان
ILIAN
Summer 2015, No. 1
A literary magazine for translating stories
هێمنگوەی
بارتێلمی
مۆپاسان
باخمان
فازل عەزاوی
فەریبا وەفی...
لە ژمارەی داهاتوودا مەلەفێکی تایبەت بە چیرۆکنووسی ئێرانی «ئەحمەد غوڵامی» دەخوێنینەوە.